


# 2 / 2024 NEWSLETTER ٢ / ٢٠٢٤

**پشتیوانکەرانی خۆشەویست! و**

**.(JNF*) هاوڕێیانی هێژای، دامەزراوەی جەمال نەبەز**

کورتکراوەی ئینگلیزییە بۆ JNF*


ئەم هەواڵنامەیەی دامەزراوەی جەمال نەبەز
. ئەم هەواڵنامەیە 2024/2 دۆخی ئێستامان دەخاتە ڕوو. باس لەوە دەکات کە دانەزراوەکەمان دوای نزیکەی پێنج ساڵ سەرپێی خۆی کەوتووە

ساڵی ٢٠٢٤ هەندێک گۆڕانکاری لەگەڵ خۆیدا هێنا. سەرەتا لەسەر گڵکۆی بیرەوەریی کورسییەک سەوز دانرا. خانوویەکیش بەخشرایە دەزگەکەمان. ئەمەش وێنەی هەردوو پێشهاتەکەن.

:دەربارەی ئەم دوو گۆڕانکارییە
.بۆ یادی جەمال نەبەز، بنکەی سەوز دانرا و خانوویەکی تەراس بەخشرایە دامەزراوەکە. ئەمەش وێنەکانە
گڵۆپەکانی بەردەم خانووە واتەی ساڵەکەیە و مۆمی بەردەم بەردی یادەوەرییەکە بەرواری لەدایکبوونی کەسایەتییە ناودارەکەمان پیرۆز دەکات. (١ی کانوونی دووەم).






جەمال نەبەز لە ٨ی کانوونی دووەمدا جێی هێشتین. لە ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨ لە شاری سلێمانی - کوردستان بە خاک سپێردرا. گڵکۆ و یادگەکەی لە بەرلین لەلایەن دامەزراوەکەمانەوە چاودێری دەکرێت.

**.ئەم دەقەی خوارەوە لەلایەن د. هانەلۆر کویشلەر لە یەکی کانوونی دووەمی ئەو ساڵەدا نووسراوە**

ئەم دەقە کورتەیەک لە کۆمەڵێک خاڵ و پرەنسیپ کە گرنگن لە ئێستادا و لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆ دەزگاکەمان . بێگومان دەتوانرێت هەندێک شت بە تێپەڕبوونی کات زیاد بکرێت یان بەپێی پێویست بگۆڕدرێت.



**تکایه ئاگاداربن:**

بڕیاره بۆ ساڵی ٢٠٢٥ ناوی فەرمی دامەزراوەی جەمال نەبەز بگۆڕدرێت بۆ ڤاوندەیشن( وەقفی) جەمال نەبەز. دادنووسی بەم کاره هەڵدەستێ بەرپرسی ئەم کارە، کە هاوکات سەرپەرشتی دامەزراندنی دامەزراوەی جەمال نەبەز لە ساڵی ٢٠٢٠/٢٠١٩ کرد، لەم دواییانەدا لە بابەتێکی گرنگی دیکەدا بەشدارە و چالاکانە کار دەکات بۆ دامەزرێنەری دامەزراوەی جەمال نەبەز، د. کویشلەر .هەروەها توانی بەڵگەنامەی فەرمی گواستنەوە/ بەخشین خانووی شەقامی Berliner Strasse 63 بۆ سەر ناوی دەزگەکەمان ئامادە بکات و بگرێتە ئەستۆ. بەم هۆیەشەوە دەزگەکەمان لەساڵی ٢٠٢٥ داهاتێکی تری کەمی دەکەوێتە دەست .

گواستنەوە/بەخشینەکە بۆ دامەزراوەکە دەکرێت جارێ هەر لە ژێر ناوی دامەزراوەی جەمال نەبەزدا بەڕێوە دەچێت.

هەر کە ئەو پرۆسە تەواو بوو، هەنگاوی داهاتوو، گۆڕینی ناو، دەست پێدەکات بۆ ئەوەی دواتر دامەزراوەکە بتوانێت بە فەرمی ناوە ئینگلیزیەکەی بەکاربهێنێت:

**ڤاوەندەیشنی جەمال نەبەز**

ئێمە وەک قەوارەیەکی یاسایی بەپێی یاسای ئەڵمانیا دامەزراوین و بەپێی یاسای ئەڵمانیا وەک ڕێکخراوێکی قازانج نەویست ناسراوین.

ئێمە سەربەخۆین و دوورین لە حیزبایەتی. ئێمە خۆمان بە هیچ لایەنێکی سیاسیەوە نابەستینەوە.

ئێمە پابەندین بە یاسا و ڕێساکانی ئەو وڵاتانەی تێیدا کار دەکەین.
بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی وەک یەکێک لە زمانە ناوخۆییەکانمان و بە گەڕان بەدوای پەیوەندیدا لەگەڵ کورد و ئەوانەی دەگەڕێن بەدوای دۆستایەتی کورددا، واتە ئێمە پەیوەندنی جیهانیمان هەیە بەتایبەتی لەگەڵ کورد و دۆستانی کورد، **بناغەکەمان بناغەیەکی نێودەوڵەتییە لەلایەن کورد و بۆ کورد**.

دەستوورەکەمان بە دوو سیستەمی نووسین و سێ زمانی (ئەڵمانی و ئینگلیزی و دوو زمانی کوردی) لە ماڵپەڕەکەمان دەبینرێت:
https://www.jemal-nebez-stiftung.org/English/Statutes

وەک دامەزراوەیەک کە بەپێی یاسای ئەڵمانیا دامەزراوە و وەک ڕێکخراوێکی قازانج نەویست ناسراوە، نە ڕێگەمان پێدراوە بە شێوەیەکی بازرگانی کاربکەین، وە بۆمان هەیە ئەو بەخشینانەی کە پێشکەش بە دامەزراوەکەمان دەکرێن تەنها بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانمان بەکاربهێنین وەک لە یاساکانماندا باسکراوە.،

بە پێچەوانەی ئەو دامەزراوانەی ترەوە کە بەپێی یاسای ئەڵمانیا دامەزراون وەک قازانج نەویست ناسراون، ڕێگەمان پێنادرێت ئەو بەخشینانەی وەری دەگرین بدەینەوە و خەرج بکەین بۆ مەبەستی خێرخوازی ، بۆ نموونە وەک هاوکاریکردنی پەنابەران.

هەندێ دەزگەی تر هەن ئەم خاڵەیان لە دەستوورەکەیاندا هەیە، بەڵام ئێمە نا. هەروەها ڕێگەمان پێدەدرێت بەخشین بۆ کارەکانمان بەکاربهێنین، جا بەخشین بێت "بۆ بەکارهێنانی بێبەرامبەر" یان ئەوانەی کە بۆ پڕۆژەی تاکەکەسی پێمان دەدرێ .

هەرچەندە ئێمە لە ڕووی داراییەوە کاروبارمان مسۆگەرە، چونکە خاوەنی خانووبەرەین و داهاتێکی کەمی لێ بەدەست دەهێنین، بەڵام هێشتا سەرچاوەی دارایمان سنووردارە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەی کە بەناوی دامەزراوەکەمانەوە ئەنجام دەدرێن.

ئێستا دەتوانین دوو جۆری جیاوازی گرێبەست پێشکەش بە هەر کەسێک بکەین کە تازە بێت لە کارکردن لەگەڵ دامەزراوەکەماندا: گرێبەستی دامەزراندنێکی ئاسایی یان گرێبەستی خۆبەخشی. لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەرکەکە دیاریی و پێناسە دەکرێت، هەروەها ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ تەواوکردنی ئەرکەکە. لە حاڵەتی گرێبەستی دامەزراندندا، ئێمە کەمترین کرێی کار لە ئەڵمانیا دەدەین، لە ئێستادا ١٢.٤١ یۆرۆ بۆ هەر کاتژمێرێک (لە یەکی ١ی ٢٠٢٥ەوە کەمترین کرێی دەبێتە ١٢.٨٢ یۆرۆ بۆ هەر کاتژمێرێک). کاری خۆبەخشانە لەگەڵ دەرماڵەی خەرجییەکان پاداشت دەدرێتەوە.

ئێستا یارمەتیدەرە نوێیەکان دەتوانن لە نێوان ئەم دوو جۆرە گرێبەستەدا هەڵبژێرن. ئێوە ئەوەی پێتان باشە هەڵیبژێرن و دەتوانین پێکەوە بەرەو پێشەوە بچین.

ئێمە دەمانەوێت بەردەوام بین لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی جەمال نەبەز و دواجار کارکردن و تەواوکردنی کارە زانستییەکانی و ئەو بەرهەمانەی هێشتا بڵاوی نەکردوونەتەوە.
هیوادارین بەم زووانە بتوانین لانیکەم بەشێک لەوەی لە پاشی بەجێماوە بڵاو بکەینەوە.

بەرهەمەکانی جەمال نەبەز و بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی/ میراتەکەی لە کتێبخانە و ئەرشیفی جەمال نەبەز بە جیا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بەشێکی جیا پێکدەهێنن.

**ئەمەی خوارەوە کۆنووسی کۆبوونەوەی ساڵانەی ٢٠٢٤یە، کە سیروان ڕێناس لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤ ئامادەی کردووە.**

**کۆبوونەوەی ساڵانەی دامەزراوەی جەمال نەبەز (JNF)** بە ئامادەبوونی ١٥ کەس لە کوردستان، ئەوروپا، ئەمریکا و کەنەدا لە 14ی کانوونی دووەم، کاتژمێر 5 بۆ 7ی ئێوارە بە شێوەی ئۆنلاین بەڕێوەچوو.

**سیروان ڕێناس،** کە سێیەم ئەندامی دەستەی کارگێڕی یە و لە ساڵی ٢٠٢٤ پەیوەندی بە دەستەی کارگێڕییەوە کردووە، بە پێشوازیکردن لە ئامادەبووان و ناساندنی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و پێدانی زانیاری گشتی سەبارەت بە دامەزراوەکە، کۆبوونەوەکەی کردەوە. هەروەها بە دوو زمانەوە سەرپەرشتی کۆبوونەوەکە کرد و ناوەڕۆکی بەشدارییەکان بە زمانی ئینگلیزی یان کوردی پوخت کردووە.

**د. هانەلۆرە کویشلەر**، دامەزرێنەری دامەزراوەی جەمال نەبەز JNF ، بە کورتی باسی لە پێشهاتەکانی ئەم دواییە کرد و هەروەها ڕایگەیاند کە هەنگاوی گرنگی داهاتوو دۆزینەوەی جێنشینی دەبێت. ئەو داکۆکی لەوە کرد کە بە زووترین کات ئەمە ڕووبدات.

**یان گۆساو**، جێگری دامەزرێنەر/سەرۆکی دەستەی کارگێڕی، دۆخی ئێستای داهات و خەرجییەکانی دامەزراوەکەی بۆ ساڵی ئێستا خستەڕوو. پاشان بودجەی داهاتووی دامەزراوەکەی بۆ ساڵی ٢٠٢٥ خستەڕوو، کە لە ئێستاوە داهات و خەرجییە چاوەڕوانکراوەکانی شوقە بچووکەکەی تێدایە کە بەم دواییە بۆ دامەزراوەکە گواستراوەتەوە.

**فەخریە ئەدسای** ڕێکخەری دووەمین خەڵاتی جەمال نەبەز، تێڕوانینێکی گشتی لەبارەی ئەندامانی دەستەی خەڵاتەکە و گرنگترین وادە و ئەو پێشکەوتنانەی کە تا ئێستا بەدەست هێنراون خستەڕوو. ئاماژەی بەوەشکردووە، لە ٢١ی ئازاری ٢٠٢٥ براوەی خەڵاتەکە ڕادەگەیەنرێت.

**زارا محەمەدی** براوەی یەکەمی خەڵاتی جەمال نەبەز یەکێك لە ئامادەبووان بووە. ناوبراو بە کورتی باسی لە چالاکییەکانی بۆ پێشخستنی زمان و ناسنامەی کوردی کرد و پرۆژەکانی لە نوژین و دەستپێشخەرییەکانی داهاتوو لەم بوارەدا پێشکەش کرد.

**یادۆ ڕەحمانی**، ڕێکخەری سیمینارە زانستییەکانی جەمال نەبەز، تیشکی خستە سەر سیمینارەکانی ساڵی ڕابردوودا، هەروەها پلانەکانی وەرزی یەکەمی ساڵی داهاتووی ڕوونکردەوە و دیدگای گشتی بۆ ساڵی ٢٠٢٥ی خستەڕوو.


**هەڵۆ بەرزنجەیی**، بەرپرسی بەرهەمەکانی جەمال نەبەز، کتێبخانە و ئەرشیف، کە بەم دواییە پەیوەندی بە دامەزراوەکەوە کرد، ئەرک و پلانەکانی خۆی بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کارە ئەرشیفییەکانی دامەزراوەکە ڕوونکردەوە.

**د. ئاسۆ سەیوانی** خۆی ناساند و بانگهێشتنامەکەی قبوڵ کرد بۆ ئاشنابوون بە موڵکەکانی دامەزراوەکە و پشکنینی ئەگەرەکانی گەشەپێدانیان.

**حوسامەدین خاکپوور** باسی لە پرۆژەی وەرگێڕانی ئێستای کتێبی "کوردی ستەملێکراو و برا موسڵمانەکانی" لە نووسینی جەمال نەبەز لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی بە ڕێنووسی ڕۆژهەڵاتی کرد. جەختی لە گرنگی کتێبەکە و پێویستی بەپەلەی وەرگێڕانی کرد، بە تایبەت لە کەشوهەوای کۆمەڵایەتی-سیاسیی ئێستادا.

کۆبوونەوەکە بە گفتوگۆیەکی زیندوو لە نێوان بەشداربووان کۆتایی هات. بەشداربووان خۆیان ناساند و باسیان لە چۆنیەتی ناسینی دامەزراوەکە کرد و ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ پشتگیریکردن لە ئامانجەکانی دامەزراوەکە. پێشنیار کرا کە سیمیناری زانستی زیاتر ئەنجام بدرێت، واتە ئەوانەی کە گرنگی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بدرێت. ئەو دامەزراوەیە پێویستە بەشداریی خۆی لە بۆنە فیکرییە کوردییەکان زیاد بکات و پارەی زیاتر کۆبکاتەوە بۆ پاڵپشتیکردنی کۆمەڵێک پرۆژەی بەرفراوانتر. چەند ئامادەبوویەک ستایشی کوالیتی سیمینارە زانستییەکانیان کرد. هەروەها پرسیار سەبارەت بە هەمەچەشنی ئەندامانی دامەزراوەکە کرا، کە سیروان وەڵامی دایەوە.

چارچێوەی ڕێکخستنی ئێمە لێرەدا بەم شێوەیە دێت. بۆ یەکەمجار لێرە نیشانی دەدەین. لە کورتەیەک نیشان دەدات کە دامەزراوەی جەمال نەبەز لە دامەزراندنی لە ٢٠ی ئازاری ٢٠٢٠ەوە چۆن پەرەی سەندووە.




لە سەرەتادا تەنها دەستەی کارگێڕی (تەنها لە دوو ئەندام پێکهاتبوو) و دەستەی ڕاوێژکاری هەبوو.
لەم کاتەدا شوقەکەی هاوناوەکەمان (جەمال نەبەز)تازە بۆ یەکەمجار بە کرێ درابوو و کتێبەکانی کە دەبنە بەشێک لە کتێبخانە و ئەرشیفی جەمال نەبەز لە داهاتوودا، هێشتا لەناو کارتۆنی ماڵ گواستنەوەدا بوون.

ئەمساڵ، واتە لە ساڵی ٢٠٢٤دا، - وەک باسکرا - کۆمەڵێک پێشکەوتن ڕوویدا. سیروان ڕێناس وەک سێیەم ئەندامی دەستەی کارگێڕی دەستنیشانکرا، فەخریە ئەدسای لە بری سیروان رێناس بوو بە ڕێکخەری خەڵاتی خەڵاتی جەمال نەبەز هەروەها یادۆ ڕەحمانی بە فەرمی بوو بە ڕێکخەری ئەو سیمینارە زانستیانەی زانستییەکان کە دایمەزراندبوو JN.

لە کۆتاییدا، هەڵۆ محەمەد وەک نوێنەری کتێبخانەی جەمال نەبەز و ئەرشیفی ئێمە پەیوەندی بە دامەزراوەکەشەوە کرد. لە هاوینی ئەم ساڵەدا هەڵۆ لە ماوەی مانەوەی لە کوردستان نوێنەرایەتی ئێمەی کرد و یەکەم پەیوەندییەکانی بۆ ئەرکەکانی بۆ دامەزراوەکەماندا گرێ دا.
بەو پێیەی هەڵۆ لە بارەگای دامەزراوەکەدا کاردەکات - هەفتەی دووجار بۆ ماوەی چوار کاتژمێر - و سەرقاڵی ئەرکە تایبەتەکەی ئێستایەتی لە دەزگەکە، دەستکەوتی زۆری بەدەستهێناوە - لەڕووی تەماشاکردن و ئیندێکسکردنی میراتی زانستی و کەسیی هاوناوەکەمانەوە:

هەموو شتێک باشە و جوانە ئەگەر بتوانین بەمزوانە کار بە ئۆنلاین لەگەڵ کتێبخانەی دەزگەکەمان بکەین. هەروەها ڕەنگە بەشێوەیەک بچینە سەرهێڵ (و لەوانەیە بتوانین کتێب بە قەرز وەربگرین بە بەکارهێنانی سیستەمی قەرزی نێوان کتێبخانە باوە نێودەوڵەتییەکان).

ئێمە دەستبەرداری ئەم ئامانجە نابین!، بەڵام لە ئێستادا گرنگ و دروستە، سەرەتا ئاگاداری تەماشاکردن و تەواوکردن و ئیندێکسکردنی پیشەیی ئەرشیفی کەسی و کارە زانستییەکانی جەمال نەبەز بین.

ئێمە سوپاسی هالۆ دەکەین بۆ کارەکانی و لە ناخەوە بەوە دڵخۆشین پرۆژەی کتێبخانە و ئەرشیفەکەی جەمال نەبەز لە بەردەستی ئەودایە.
ماوەتەوە بڵێین ،
مالپەڕی جەمال نەبەز هێشتا وەک پێویست نوێ ناکرێتەوە. ئێمە لە داهاتوودا ئەو لەبەرچاو دەگرین .

تکایە ئاگاداربن: کاتێک لاپەڕەی خوارەوە نوێ بکەینەوە، لە شوێنێکی دیاریکراو لە ماڵپەڕەکەدا ئەوە ڕادەگەیەنین. کاتێک دەقی ماڵپەڕەکە نوێ دەکەینەوە، بەرووارەکە لە ژێر سڵاوەکانماندا دەگۆڕین.

هەواڵنامەی داهاتوومان لە نەورۆز - لە مانگی ئازاری ٢٠٢٥ بڵاودەکرێتەوە.
نزیکەی سێ مانگی ماوە تا ئەو کاتە. لە سەردەمی قەیرانەکاندا ، ئەمە ماوەیەکی دوور و درێژە کە دەشێ زۆر شتی تێیدا ڕوو بدات و ڕێک هەر بۆیە پێویستە بە باشی بەکاربهێنرێت.

**سوپاسی هەموو بەشداربووانی دامەزراوەکەمان و هەموو لایەنگران و هاوڕێیان دەکەین بۆ پابەندبوون و هاوکارییان لەماوەی ئەو ساڵەدا کە ئێستا خەریکە کۆتایی دێت.**

لەگەڵ هەموو هیوایەکی باش بۆ ساڵی داهاتووی ٢٠٢٥، لە سەرووی هەموو شتێکەوە تەندروستی باش و هێز و پشوودرێژییەکی زۆرمان هەبێت بۆ ئەوەی لە ئاست ئاڵەنگارییەکانی سەردەمەکەماندا بمێنینەوە! - ئێمە دەمێنینەوە...
لەگەڵ ڕێز! جوانترین سڵاو

**بە ڕێز و پێزانینی زۆرەوە**
**دەستەی بەڕێوەبەرایەتی**
هانە کویشلەر، یان گۆساو، سیروان ڕێناس

دامەزراوەی (ڤاوندەیشن )ی جەمال نەبەز
بە شێوەیەکی یاسایی وەک ڕێکخراوێکی قازانج نەویست تۆمار کراوە.